# ئیفلیج لەنێوان مۆتەکەی سەددام و ڤیتۆی برێمەردا؟ !!

د. هەژار مەعروف

ڕۆژی یەکشەمە ٢٠٠٣/٧/١٣ دوای چاوەڕوانیەکی زۆر و بەرنامەندیی و هاوکاریی وتەئسیری بڕیاردەری حوکومەتی ئەمریکی دروستبونی ئەنجومەنی فەرمانرەوایی کاتی عێراق لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەگەری لە بەغداد لەلایەن پیرترین ئەندامیەوە{محەمەد بحرالعلوم}بە بەیانێکی کورت ڕاگەیەندرا و بەگشتی لەلایەن هۆکانی ڕاگەیاندنی جیهانیەوە وەك هەنگاوێکی پێویست لە سەر ڕێگای ئاساییکردنەوەی بارودۆخی عێراق هەڵسەنگێندرا. هەر ٢٥ ئەندامی ئەنجومەن {سیانیان ژن بون}کە پێکهاتبون لە ١٣ شیعی، ٥ کورد، ٥ سونیی عەرەب، یەك تورکومان و یەك ئاشوری لە شێوەیەکی نیوبازنەیی‌دا ڕوله ئامادەبوانی کۆنفرانسەکە دانیشتبون. بەگشتی لە ڕەفتارو ڕوخساری ئەنداماندا بەڕونی جۆرە گرژی و شلەژاوی و ترسو گومانو نادڵنیایەکت هەستپێدەکرد. هەرجارێ کە پرسیارێکیان لێدەکرا دەبوایە هۆشیار زێباریی بەڕیوەبەری کۆڕەکە لە یەکێ لە ئامادەبوانی بپرسایە ئایا دەیەوێ وەڵامبداتەوە یان نا، چونکە لە زۆربەی پرسیارەکاندا هیچکامیان خۆی لەخۆوەڕا ئامادەیی نیشاننەدەدا وەڵامبداتەوە. لە وەڵامەکانیاندا لایەنی بەرگریلەخۆکردن و هەڵچون و عاتیفەی پێوەدیاربوو، بۆنمونە کاتێك هەواڵنێرەکەی BBC سنوری دەسەڵاتو سەلاحیاتی ئەنجومەنی بەکەمزانی و خستیەژێرپرسیار، مامجەلال زۆر بەرەقیو نادیپلۆماسی وەڵامیدایەوەو لەباسەکە لایداو هێرشیکردەسەر هەموو دەسگای BBC کە گوایە پێش ڕوخانی سەددام پشتگیریی لە ڕژێمەکەی کردووەو{ ی. ن. ك}لەسەر ئەمە شکاتی لە BBC کردووە. مام جەلال واینیشاندا کە ئەنجومەنی کاتی دەسەڵاتی زۆری هەیە: وەك دانانی وەزیرەکان و سەفیرەکان. بەڵام د. مەحمود عوسمان هێورو ئارامتر و واقیعیتر وەڵامیدایەوەو دانیبەوەدانا کە دەسەڵاتی ئەنجومەن لەحوکمکردنی عێراقدا سنورداره، بەڵام لە هەمانکاتیشدا هیواو ئومێدی خواست کە ئەگەر ئەنجومەن یەکێتیی بیر و کار ی ناوخۆی بپارێزی ئەوا بۆی هەیە دەسەڵاتی خۆی لە داهاتودا ڕۆژ بەڕۆژ زیادبکات.

لە وەڵامی پرسیارێکدا لەمەڕ گومانی دابەشکردنی عێراق کاك مەسعودیش بەگرژی وتی {ئەنجومەن نوێنەرایەتی هەموو خەڵی عێراق دەکات} بەمجۆرە خۆی لەوەڵامدانەوەی پرسیارەکە بوارد. خاتو خەزاعی دوکتۆری نەخۆشیە ژنانەکان بە بێئەوەی وەڵامی پرسیارێك بداتەوە وتی {من کە تائێستا یارمەتیی یەك ملیۆن ژنی عێراقی مداوە لەکاتی منالبوندا ئێستا دەمەوێت لە لەدایکبونی عێراقێکی نوێدا کە ژن تێیدا جێیی شایستەی خۆی بگرێت خەبات و هاوکاریی خۆم پێشکەشبکەم} ناوەڕۆکی قسەکەی جوانبو بەڵام شلەژان هەڵەیەکی حیسابیی گەورەی پێکرد!

پرسیاری ئەوەی ئایا کۆبونەوەکانی داهاتوی ئەنجومەن بەڕوی خەڵکی عێراق و ڕاگەیاندندا کراوەو عەلەنی دەبێت؟ ئەندامێك ئاوا بەرگریی لە ئەنجومەنکرد{ ئێمە هیچمان نیە لە عێراقییەکانی بشارینەوە}، ئەمەش وەڵامێکە لە ژێر سایەی ترس لەوەی ئەنجومەن بە پیلانگێڕیی نهێنی لەگەڵ هاوپیەماناندا، تۆمەتباربکرێت، دەنا کۆبونەوەکانی دیموکراتیترین حوکومەتەکانی ئەم دونیایە لە هۆڵی داخراودا دەبەسترێ و زیندو نادرێت بە هۆکانی ڕاگەیاندن و لەکۆتایی کۆبونەوەکانیاندا وەڵامی هەندێ نەك هەمو! پرسیاری هەوڵنێران دەدرێتەوە، ئیتر بۆچی ئەنجومەنی کاتیش حەقیی ئەوەی نەبێت هەروابکات! لە وەڵامی پرسیارێکی هەواڵنێری { کاناڵیالجزیرە}دا محەممەد بحرالعلوم هێرشێکی توند و سۆزاوی و گازندەئامێزی کردەسەر ألجزیرە و زۆربەی کاناله عەرەبیەکان کە لەڕابوردودا هەمویان پشتگیریی سەددامیان کردووەو گوێیان لەدادو فیغانی گەلانی چەوساوەی عێراق نەگرتووەو ئێستاش ئومێدیان بە گەڕانەوەی سەددام هەیە. بەحرالعلوم بەحەماسەوە دڵنیایی خۆی دەربڕی کە ڕژێمی سەددام بۆ هەتاهەتایە لەگۆڕنراوە و هەرگیز ناگەڕێتەوە. هەموو ئەندامانی ئەنجومەن بەزمانی هێماو جەستە{سەرلەقان و. . . . . } پشتگیریی تەواوی ڕەئەکەی بحرالعلوم یان کرد. لێرەدا واتهەستدەکرد کە بەلایکەمەوە هەندێ لە ئەندامانی ئەنجومەن هێشتا ڕەگی ترسی گەڕانەوەی سەددام لەدڵیاندا بەتەواوی هەڵنەکێشراوەو لەدڵیخۆیاندا جنێو بەم کەناڵانە دەدەن کە ئەگەر هەروا لەسەر ئەم سیاسەتە ئیعلامیە برۆن ئەوا زەمینەی گەڕانەوەی سەددام بۆسەر حوکم خۆشدەکەن!! واتهەستدەکرد ئەنجومەن دەیەوێ بە خەڵکی عێراق بڵێت: مانەوەی دورودرێژی سەددام لەسەر حوکم جگە لە دڕندایەتیی خودی ڕژێمەکە خەتاو تاوانی وڵاتە عەرەبیەکان و ئەم کەناڵانەیشی تێدایە.

ئائەمە هەڵەیەکی نموونەیی و ترسناك و ڕەگوڕیشەیی بیرکردنەوەی ئێمەی خۆرهەڵاتیە کە هەمو یا زۆربەی هۆکانی شکان ودۆڕان وکارەساتەکان لە ڕەفتار و کرداری بەد و پیلانگێڕیی ئەویتر و ئەوانیتر دەبینینەوە، یا دەیگێڕینەوە بۆ ئیرادەی خواو ئاسمان و هەندێکیش لە بیریارانی ماستاوچیی و بەوەفای دەرباری خاوەنشکۆ شکستخواردووەکان لە مەراییکردندا شوڵیلێهەڵدەکێشن و شکان و گلانە تراژیدیەکان بە هەندناگرن و وەك جۆرەحیکمەت و داناییەك بە مێژو و خەڵکیی ستمدیدەی دەفرۆشن و دەیبەڵگێنن!، بۆنمونە بە زرەبەڵگەی ئەوەی گوایە سکرتێر و سەرۆك و ڕابەر بەخۆبەدەستەوەدان یا ڕاکردن و ولاتجێهێشتن و چەکدانان نەیهێشتوە کارەساتی دۆزەخیتر ڕوبدات!! ئەمجۆرە بیرنەکردنەوەیە!ئەوروپیەکان بە تەوس و لاقرتیەوە پێیدەڵێن (تیوریی پیلانگێڕی) .

بەداخەوە بحرالعلوم و هەمو ئەندامانی ئەنجومەن لەپشتیەوە، لە ڕابوردو لەگەڵ بەعس و سەددام ڕێکەوتن و چونە ناوبەرەی مەهزەلەی بەناو دژی ئیمپریالیزم یا دواتر ناکۆکی و شەڕ و هەراکانی نێوان کەسایەتی و وحیزبەکانی موعارەزەی سەددام لە سەر کورسیی حوکم ی هێشتا چۆڵنەبو، ، ئەمانە و زۆر هەڵەی کوشندەی تر کە تێکرا سەددامین کرد بەو سەددامە، لەبیرخۆدەباتەوە.

منێکی کورد تورەییم لە لایەنداریو درۆو دەلەسەکانی (القدس العربی) و (الجزیرە) کەمترە لە هەستی غەم و تورەیی و مەخابنم بەرانبەر بە شەڕەخوێناویەکانی نێوان لایەنەکانی ئەو موعارەزەیە (بەتایبەتی بەشە کوردیەکەی) لە ١٩٦٤ تا ١٩٧٠ و لە ١٩٧٦ وە هەتا ١٩٩٧. من لە دەوری گرنگی ڕاگەیاندن وەك دەسەلاتی چوارەم تێدەگەم، بەلام ئەوە یەکێ لە یاسا گلۆبالەکان (گەردونی) و هەرەسروشتیەکانی ژیانە کە مرۆڤی چالاکی مەیدانەکانی سیاسی وکۆمەلایەتی و ڕاگەیاندن بێلایەن نیە. ئاخر هانا بۆ ویژدانتان دێنم ئەی TV و ڕۆژنامەکانی ئێوە لایەنداری سوێندخواردوی حیزب و سەرۆك و سکرتێر و بنەماڵەکانیان نین؟ ئیتر بۆ واخۆتان سەغڵەتکردوە لە الجزیرە و BBCو لێکچوەکانیان؟

هاوپەیمانان 3 مانگە ڕژێمی بۆ ڕوخاندون هێشتا لەسەرئەوە ڕیکنەکەوتون ناویان بنێن چی؟بحرالعلوم زمانی تەتەڵەیکردو ناوینان (احتحلفا ﴾ و پاشان ڕاستیکردەوە بۆ (حلفا ﴾ . ئاخر لەنێوان داگیرکەر ی (عبدالعزیز الحکیم) و ڕزگارکەری (حسن الچلبی) دا نەتانتوانی لەگەنجینەی پڕبەهای زمان و کولتوری عەرەبی وشەیەك پەیدابکەن یا بیسازن کە دەربڕی زیندوی واقیعەکە بێت؟ بە ڕاست ئەگەر حیزب و لایەن و کەسایەتیەکانی دژی سەددام دڵنیانەبونایە کە هاوپەیمانان بە تازەترین تەکنۆلۆجیای جەنگ ڕژێمی سەددام دەڕوخێنن هەرگیز ڕیکدەکەوتن؟

بابەتی الجزیرە و شیوەن بۆ گۆڕەبەکۆمەڵەکان ڕزگاریکردن لە تەنگەتاویی وەلامنەبونتان بۆ کۆمەڵێ پرسیاری حەیاتی و تەنگەتاو!

*ئایا ئەنجومەنی کاتی هیچ دەسەلاتێکی شایەنی باسی دەبێت لە بڕیارەگەورەکانی لەمەڕ سیاسەتی ئابوری{ بەتایبەتی نەوت دەرهێنان و فرۆشتن} و بەرگری و ئەمن و ئاسایش و دەرەوە و بون و مانەوەی خودی سوپای هاوپەیمانان لە عێراقدا؟*

*لەڕوی مەعنەوی و ئەخلاقیەوە پرسیارێکی گەلێك گەلێك گرنگ: کێ تایەکی ترازوی تائاسمان هەڵچو و تاکەی تری تا ناخی زەوی (بەتایبەتی زەوی کوردوستان و خواروی عێراق!) ڕۆچووی داد و عەدالەت ڕاستبکاتەوە؟*

زۆر بەداخەوە!نە لە ڕاگەیاندنەکەی بحرالعلوم و نە لە هیچ یەك لە قسەکانی ئەوانەی قسەیان پێکرا!، کورە نە لە قسەی ئەو ئەندامانەشی یاسایان خوێندوەو قازی وحاکمن بۆ یەکجاریش وشەی عەدل و عەدالت نەهات بە زاریندا!! بە کام پێوەر و بە کام یاسا لیکۆڵەرەوانی هاوپەیمانان سەرانی تاوانباری

وەك تاریق عەزیز و محمدسعید صحاف و سەدانی تر ئازاددەکەن؟ بیانوی نەبونی یاسای تایبەت بەمجۆرە تاوانانە وەلامی ئەوە ناداتەوە: ئەی بۆچی ئەمانیش وەك تاوانپاڵنراوە لات وهەژارو هەرزەکار و خەلەتاوانی دروشمە پروپوچەکانی بەعس لەزیندان ناهێلرێنەوە هەتا یاسایەکی ڕەواو گونجاو دادەنرێت؟ئایا ئەندامانی ئەنجومەن بەمەو بە زۆر شت و کێشەو ناعەدالەتیی و پرسیاری لەم بابەتە ڕازین؟ ئەگەر ڕازینین و نارەزاییان دەربڕی، کێ و کام دەسگای هاوپەیمانان، بەدوای ڕەخنە و گازەندەو شکاتەکانیانەوە دەچێت؟

غوروڕو عەقڵی عەسکەریی تەنکی ئەمریکیەکان و لاوازیی پشتگیری نێونەتەوەیی بۆ شەڕەکەو نەبونی کۆنسێپت و پلانێکی زیرەك و ورد و ڕون و گونجاوی هاوپەیمانان بۆ عێراقی دوای سەددام و ئەو دەرزیئاژنەی ڕۆژانە جەستەودەرونی سەربازانی هاوپەیمانان کونکون دەکات و پارەزۆرتێچونی مانەوەکە زەمینەیەکی زۆر لەباری بۆ ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی کاتی عێراق سازکردوە کە هاوپەیمانان ناچاربن و بگرە سوپاسگوزاربشبن بەوەی کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ مەیدان بە مەیدانی لێپرسراوەتی بۆ ئەم ئەنجومەنە چۆڵبکەن بەمەرجێ

www.kurdistannet.org

که شایستەی هەڵگرتنی ئەم ئەرکە گەلێك سەنگین و ئاڵۆزە بێت. ئاسۆی بەرەوپێشچونێکی ئاوا روڵەباشیی وەزعی عێراق، ئەگەری هەڵبژاردنەوەی (بوش) زیادتردەکات.

ئەنجومەن دەبێت هەرلەڕۆژی ڕاگەیاندنیەوەو لە هەمان کاتداو بەهەمان وزەو برواو حەماسی عەقڵانیەوەو بەخستنەگەڕی دیموکراتیانەی بەهرەو تواناکانی کۆمەڵگای مەدەنیی عێراقی لە دوو بەرەی سەرەکیەوە بجەنگێت:

یەکەم: دارشتن و پیادەکردنی دەسبەجێی بەرنامەیەکی ئابوری و ئیداری وکۆمەڵایەتی لەلایەن پسپۆرو تەکنۆکراتەکانەوە کە کێشە بنەڕەتی و سەرەتاییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی عێراق: نان، ئاوی پاك، کارەبا، نەوت و بەنزین، خزمەتگوزاریی پزیشکی، هتد. . . . بە زوترین کات چارەسەربکات.

دوهەم: دابینکردنی (ناڵێم گێرانەوەی، چونکە لەژێرسایەی سەددام و بەعس دا هەرگیز نەبیوە) ئارامی وئاسایش بۆ پاراستنی ژیان و ماڵ و حورمەت و کەرامەتی ئینسانی عێراقی.

بەڕەئی من ئەنجامدانی ئەمەیان لە یەکەم سەختترە، چونکە وادیارە کەتا ئێستا لە عێراقیبەشی عەرەبدا حیزبی بەعس هێشتا نەك هەر ڕکخراوترین هێزی سیاسیە بەڵکو خاوەن هێزوتوانایەکی تاوان و روخێنەرو تۆقێنەرو لەجارنی سەرحوکم دڕندەترە. ئەوەتا دەیبینین چۆن ئەو کەسانەی لەسەر TV

یا لەڕۆژنامەکاندا بەتایبەتی لە ناوەڕاستی عێراق زۆر بە پارێزو کاڵ و سارد و حەزەر لەسەر ڕژێم دەدوێن، من لە ترسەکەیان تێدەگەم و ناهەقیان ناگرم، ئەوەتا پێش چەند ڕۆژێك ژنە ئەندازیاری سەرۆکی دائیرەی کارەبای بەغدادیان تێرۆرکرد. سامی قەفتانی شانۆکاری ناوداری عێراقی لەوەڵامی پرسیارێك دەربارەی ڕژێمی سەددامی تاوانپیشە وتی (من ناتوانم بڵێم ئایا ڕژێمی پێشو باشبوە یا خراپ !!!. ئەوەتا تەنانەت _بۆ سەرسوڕمان و تێنەگەیشتنی من_ ڕاگەیاندنی حیزبەکانیش لەبری وەك جاران لە شاخ ناوزەد کردنی ڕژێم بە تاوانبار و دڕندەو فاشی، ئێستا پێی دەڵێن ڕژێمی گۆڕکراو و بەسەرچو و تێپەڕیو!!

بەڕاستی زیندان و داڵانە درێژو کونجە تاریك و نوتەکەکان و ژێرزەمینە شێدارو ترسناکەکان و کۆشکە بە شکۆکانی ڕژێمی سەددام وەك هەموو ڕژێمێکی دڕندەو و دیکتاتۆریتر هەربەتەنها لەسەر ئێسك و پروسك و کەللەسەری سەدان هەزار مرۆڤی عێراقی و بەتایبەتی کورد و شیعە هەڵنەچنرابو، بەڵکو ترس و تۆقاندن و سوکایەتیکردن بە مرۆڤ و پێشێلکردنی هەموو بەها مرۆڤایەتیەکان ئەو بناغەو سەرەتاو زەمینەیە بوە کە هەموو سیستەمە وەحشەتناکەکەی لەسەر دانابوو.

بەڕاستی ئەگەر توێژی پێشرەوی سیاسیی دیموکراتیی ڕاستەقینەی عێراقی دەیەوێت {کۆماری ترس} بۆ هەتاهەتایە لەبناغەوە هەڵتەکێنێت و هەرگیز بۆ وەچەکانی داهاتوش هیچ کەس و لایەنو حیزبێك نەتوانن دروستیبکەنەوە، ئەوا دەبێت مۆ تەکەی ترسی هاوبەش وبەکۆمەڵ لە تێرۆری بەعس، بە دەسگیرکردن و دادگاییکردنی عادیلانەی {نەك کوشتن و ڕاکێشانی لاشەکانیان!} سەددام و کوڕەکانیو لێپرسراوەگەورەکانی حیزبی بەعس و هەموو ئەوکەسانەی خزمەتی گەورەی ڕژێمیان کردووە، لە قوڵایی دڵ و دەرونی عێراقیەکان وەدەربنرێت و بەمجۆرە وزەو توانا و هێزی داهێنەر و خولقێنەری کپ و سەرکوتکراوی کۆمەڵانی خەڵکی عێراق ئازادبکرێت و بهەژێنرێت هەتا بدات لە شەقەی باڵ بۆ حەوتەوانانی ئاسمان!

ئینجا ئەگەر لە مێژوی هەموو ڕژێمە دیکتاتۆرو دڕندەکانی دونیادا ترس و تۆقاندن ئاوا نامەردانە کاری درێژخایەن و کاریگەری روخێنەری خۆی کردبێت، ئەوا چارەسەری ترس و هەمو ئەنجام و دەراوێژەکانی ترس هەر پێچەوانەکەیەتی کە ئازایەتیە! ئازایەتی: زۆرتر بە مانا قوڵ و مرۆڤایەتیەکەی، نەك بەمانا خێڵەکیو خۆرهەڵاتیەکەی کە لە ڕۆحی سەرپێچی و شەڕەنگێزیو تۆڵەسەندنو خۆسەپاندن و خوێنرێژی تێناپەڕێت!

ئایا هەموو ئەوانەی ناو و دەروبەری ئەنجومەنی کاتیی فەرمانڕوایی عێراق کە دوێنێ نەیانتوانی بە مێشك و دەستو بازوی خۆیان ڕژێمی سەددام برخێنن و ئیمڕۆ دەیانەوێت لە سبەینێی عێراقێکی دیموکراتیدا گەورەترین پشکی دەسەڵاتیان پێببەخشرێت ئامادەن بە پلان و کۆنسێپتی زانستی سیاسی، پەروەردەیی، یاسایی و سەربازی، هتد. . . یەوە بوێرانە و سەربەرزانەو بێگویدانە ڕاگەیاندنی فشەناسیۆنالیزمی عەرەبی چی بلاودەکاتەوە_چونکە ئەو زەرەرو زیانەی سەددام ی عەرەب و بەعسە عەرەبیەکەی بە نەتەوەی عەرەبیان گەیاندوە بێهاوتایە لە هەموو مێژوی عەرەب دا!_ بێنە مەیدان و بۆ گەلانی عێراق و بۆ هاوپەیمانان و لەهەموی گرنگتر بۆ پاشماوە پەندوعیبرەت وەرنەگرتوەکانی حیزب و ڕژێمی بەعسی تاوانکار بسەلمێنن ئەرکی ئازادکردن و خاوێنکردنەوەی ڕۆحیی جڤاتی

عێراق لە فیکر و ڕەفتار و کرداری بەعسیانە بە کۆمەك و هاوبەشی جەسورانەو جیددی، یا تەنانەت بەڕابەریی عێراقیەکان، دەتوانرێت بە قوربانیەکی کەمتری ژیانی مرۆڤەکان ئەنجام بدرێت؟؟ بەڵام ئایا ئەمریکیەکان ئامادەیی هاوکاریەکی ئاوایان هەیە؟ یان دەیانەوێت وەك (شەریف) لە فلیمە ئەمریکیەکاندا کێشەکە بەتەنیا بە زەبری ئاگری چەکە بێئامانەکانیان چارەسەربکەن؟

داواکەی ئەحمەد چەلەبی بۆ پاکسازیی پاشماوەکانی حیزب و ڕژێمی بەعس جۆرە لەترسا _لەبری بۆدواوە_ بۆپێشەوە ڕاکردنێك بوو، کە بۆنی خوێنی ڕژاوی لێدەهات و دیمەنی لاشەی بەسێدارە هەڵواسراو و بەدوای ئوتومبیل ڕاکێشراوی دەهێنایەوە پێشچاو!

بێگومان ئازادکردنی جڤاتی عێراقی لە بەعسیزم بێ هاوکاریی کاتیی سەربازیی هاوپەیمانان و بەداخەوە بێ خوێنڕشتن و ئێش و ژان تەواونابێت، بەڵام ئایا مێژوو دەکرێت وەك خۆی دوبارە نەکرێتەوە و برێکی کەم لێوەی فێربین؟

شانتانداوەتە ژێر ئەرك و فرمانێکی مێژویی گەلێك قورس و برێکیش ترسناك! بەم یەکەم هەنگاوەتان دیواری ترس و سستی و ڕاڕایی تان بری. لەم چەندهەزار کیلۆمەتری دورەوڵاتیەوە بە مێشك و دڵ لەگەڵ هەموو هەنگاوێتانین بۆ لەدایکبون و پێگەیشتنی عێراقێکی دیموکراتیی ڕاستەقینە و و فیدرالیی نوێ. لەم لەدایکبونەدا هاوژان و هاوئازارتانین.

ئەڵمانیا/ 13/7/ 2003

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نوسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت